# جان جاك ڕۆسۆ



ئامادەکردنی لەئینگلیزیەوە:– شاسوار

ڕۆسۆ لە٢٨حوزەیرانی ساڵی(١٧١٢)لەشاری جنێف لەسویسرا لەدایکبووە. دوای لەدایك بوونی بەماوەیەکی کورت دایکی مردووە. لەتەمەنی(١٠)ساڵیدا باوکی خراوەتە زیندانەوەو بەو هۆیەوە لەلایەن خزمان وکەسە نزیکەکانیەوە چاودێری کراوە. لەتەمەنی(١٦)ساڵیدا شاری جنێفی جێهێشتووە، دوای چەندان شارو وڵات لەفەرەنسا لەساڵی(١٧٤٢)خۆی گرتۆتەوەو بۆبژێوی ژیانی هەموو جۆرە کارێکی ئەنجام داوە.

لەکارە سەرەتاییەکانیدا رۆسۆ ئەوە دردەبڕێت کە(مرۆڤ)لەسروشتی خۆیدا کەسێکی(پاك وباش)ە، بەڵام ئەزمونەکانی کۆمەڵگا سروشتی مرۆڤ دەگۆڕێت ولەکەسێکی باشەوە بۆکەسێکی خراپ، بۆیە رۆسۆ کۆمەڵگا بەدەزگایەکی(فاسد)وەسف دەکات. پاشان لەکتێبی(پەیمانی کۆمەڵایەتی The social contract)کەمێك لەم بۆچوونەی پاشگەزبۆتەوە. بۆچوونە پەروەردەییەکانی رۆسۆ کاریگەری زۆری خستۆتە سەر پەروەردەی نوێی رۆسۆ پێی وایە منداڵ بە(سروشت وسۆز وئارەزوو)ی خۆی پەروەردە بێت باشترە لەپەروەردەکردن

به(عـــەقڵ وکتێب)وتـــەرکیزی لەســـەر ڕۆڵـــی ئەزموونە لەپەروەردەی مرۆڤدا.
ســەبارەت بەبۆچــوونە سیاسیەکانیشــی ڕۆســۆ پێی وایە ئامانجی سەرەکی حکومەت پاراستنی ئــازادی ویەکســانی ومــافی هاوڵاتیــەکانێتی.
هــەروەها ڕۆســۆ پێــی وایــە هەمیشــە(زۆرینە)ی خــەڵك لەســەر ڕاســتین وبۆیــە پێویســتە لەســەر حکومــەت بگەڕێتــەوە بۆســەر ڕای زۆرینــەی گــەل لــەکاتی بڕیــاردان لەســەر هەرکاروکێشــەیەکدا.
لــەکارەکانی (ڕۆســۆ): (پــەیمانی کۆمەڵایــەتی، ئــەمیل، دان پێــدانان). جــان جــاك ڕۆســـۆ لەساڵی(١٧٧٨)کۆچی دوایی کردووە.

# Ae

٢

Aug.
٢٠٠٤

## An Intellectual Oruarterly Magazine Concerniny Tranlation

Editor-in-chief :
**Anwar Hussein**

Internet:
www.KSDP.BIZ
E-mail: /R-AZADI@KSDP.BIZ

TEL :٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٥٠٢٩

FAX: ٠٠٤٤٢٠٧٧١٣٨٨١٢